# ئێراق زرنیشتمان

**کاوێزمەلاپەروێز**

کێ چاکی کاتەوە خوا، یان ئەمەریکا، بەتەمای کێ بین ئەم دۆخە شێواوە چاک کاتەوە؟!

کێ گوێ لەنزاو ناڵەی هەژار دەگرێ، دەسەلاّت، ئەمەریکا، ئەنجومەنی ئاسایش، ویژدانی مرۆڤایەتی، یان خوا، ؟!

ئەم میللەتە چیتر بەرگەی ریسوایی هەژاری وریسوایی بێ نیشتمانی ناگرێ، پێویستمان بەنیشتمانێکە لە خۆیمان بگرێ، بمان لاوێنێتەوە، راومان نەنێت بەڵکو سۆزمان پێ بدات، نیشتمانێک هی ئێمە بێت نەک زر نیشتمان کەمجار هەڵکەوتووە باوە پیارە یان باوەژن سۆزی پێویست بدەنە ئەو مرۆڤەی کە واقیعی سروشت ئەوی بەگەورەو باوک ودایکی وی داناوە، حەق بەئێمەیە گومان بکەین ئێراقی ئایندە نابێتە نیشتمانی ئێمە، خۆ ئێمە هەتیو نین خێرمان پێ بکەن لە سۆزی نیشتمانی ئێراق بەشمان بدەن، ئێمە خودان ئاو خاکی خۆمانین سەروەرێتی خاکی خۆمان دەوێ کەکوردستانە، با بەس بێت ئەو دەنگەی کە زۆر بێزارکەرە ئەو دەنگە واقعی ژیانمان دەگۆرێ، چیتر بەسە بریندارمان مەکەن ئێمە کوردستانین کوردستانی، نەک ئێراقی، ئیمە خاوەن مێژوو، کلتور، زمانی خۆمانین، .

ئەگەر هەر بەئێراقەوە دەمانلکێنن کێشەکانمان چارەسەر کەن لەچوار چێوەی ئێراقی فیدرالی، سنورمان دیاری بکرێت، سیماو ئاسەواری تەعریب نەهێڵدرێت، ئەم پرسە لەسەر بەویستی ئێمە بێتە چارە سەرکردن نەک بۆ چارەکردنی کێشەکان پەناوەبەر ئەنجوومەنی ئاسایش بەرن سەرچاوە ئاگادارەکان بەدەسەلاّتی کوردیشەوە زور جار باس لە بیروکراتیەتی ئاژانسەکانی unدەکەن، ئەدی چلۆن بۆچارەسەری کێشەی تەعریب داوا لەun دەکرێت ؟!

ناکرێ لەوە زیاتر چاوەنوار بین، ئاوارەکان لەم دۆخە نالەبارە چاوەنواری کەرمی دەسەلاّتی کوردی دەکەن کە هیمەتێک بۆ ئەو خەلکە پەرەگندەیە بکرێت تا لایەنی کەم لەم دۆخە نالەبارە، لەم گوزەرانە دژوارە رزگاریان بێت، سەربەرزانە بگەرێنەوە سەر زێدو مەسکەنی خۆیان، تا ئێستا چی کراوە بۆ چاوەنواری ئەو خەلکە؟.

ئەوەی دەگەرێتەوە لە سەرو ماڵی خۆی دڵنیا نیە رەشەکوژی کورد لەشاری کەرکوک ئەم بۆچوونەم دەسلمێنێ لەماوەی کەمتر لەدووهەفتە زیاتر لە 10 کورد بونەتە قوربانی بەدەستی سەربازانی ئەمەریکی و پاشماوەکانی بەعس، نەبوونی ئارامی وئاسایش فاکتەرن بۆ روودانی کارەساتی لەو جۆرە بەلاّم پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ قوربانیان تەنها مرۆڤی کوردبن؟

ئەدی ئێوە نەتانگووت کەرکوک شاری برایەتیە وهەموو نەتەوەکانی تێدا هەن، زەند دەکەم رەشەکوژی کورد بەبەرنامەو پلان وپشتیوانی لایەنی تربەئەنجام بگات، کوردوەکو هاوپیمانی هاوپیمانان لەرووخاندنی بەعس بەشدار بوو رۆلی کاریگەرو بەرچاوی بینی پرسیار ئەوەیە ئەگەر کورد هاوپیمانە بۆ چی ئاسایشی شاری کەرکوک نادرێتە دەستی کورد؟

کە شارەزایەکی چاکی ئیداری هەیە لە بەرێوە بردن، ئایا پێویست ناکات سود لەهەردوو ئیدارەکەی سلێمانی وهەولێر وەربگرێت بۆ چەسپاندنی ئاسایش ؟وەکو چۆن دوای رزگارکردنی ئەوشارەو ناوچە کوردیەکانی تری تەعریبکراو هەردوو ئیدارەکە بەزووترین کات فریایی چاککردنەوەی خزمەتگوزارێکانی وەکو کارەبا، ئاو کەوتن باوەریم هەیە وەجوودی هێزی نیزامی کورد بەس بێت بۆ برقراربوونی ئاسایش،

ماوەی دوانزە ساڵ کورد لەشارەکانی تری باشوری کوردستان بۆخۆی حکومی خۆی دەکات لەگەل هەموو کەمو کورتیەکانی تارادەیەکی باش سەرکەوتوو بووەوکو حکومەت، مەبەستم لەوە دەسەلآتی کوردەکەئێستا پەرلەمان وحکومەتی کوردی لەکاردایە نازانم بۆچی بێدەنگن لەبەرامبەر ئەو رەشە کوژیە دەرهەق بەکوردانی سیڤلٚ دەکرێت لەکەرکوك ئایا خوێنی کورد هەندە هەرزانە ؟

کوردی کەرکوك وناوچە بەعەرەبکراوەکان داوای هەرچی زووە چارەسەرکردنی کێشەی تەعریب دەکەن:

دەمانەوێ ماڵو موڵکی زەوتکراومان پێبدەنەوە؟ئەرێ بەراست داوا لەکێ بکەین گوندەکەمان، شارەکەمان، بداتەوە، یان بۆ وەرگرێتەوە کاتی خۆی داوامان لە دەسەلآتدارێتی رژێمی فاشستی لەناو چووی سەدام دەکرد، پێمان پێدەکەنی !ئەمرۆ بەکێ بلێن ئەمەریکا، ئەنجومەنیحکوم، یان چاوەنواری حکومەتی تازەی ئێراقی بین، هەر دەبێت داوا لەدەسەلآتی خۆمالی بکەین دیسان دەلێن:

دەبێت دەسەلآتی کوردی بەگوێرەی ویستی ئەو دەرکراوانە هەنگاو بنێ، لەوەش بگات خەلکی ئاوارەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان

- لەدۆخێکی خراپدان، لەوەزیاتر چاوەروانی زیانی گەورە بەکوردبەگشتیوبەو ئاوارانە دەگەیەنێ

k_mlaprwez@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت